

# ئایفۆن لە مۆبایلەوە بۆ چەکی بەرگریکردن

قـەت بیرتان لەوە کردۆتـەوە کە رۆژێك بە مۆبایلەکـەت بەرگری لەخـۆت بکەی و ئەو کەسانەی نیازی ئازاردانتیان هەیە، مۆبایلەکەت وەك چـەك لە دژیان بەکاری بێنی؟ ئایفۆن کە وەك بەهێزترین مۆبایل ناسراوە، دەبێتە چەکێکی بەرگریکردنیش!

کۆمپانیایەك بەناوی yellow jacket کەڤەرێکی تایبەتـی بۆ ئایفـۆن 5 و 6 چێکردووە کە وەك (شـۆکەرێك) واتە ئەو ئامێـرەی کە پۆلیس و پیاوانی ئەمنییەتی پێیانە و تەوژمێکی بەهێزی کارەبای تێدایـە لێدێت. بەهـۆی مۆبایلەکە و کـە ڤەرەکەیـەوە دەتوانی لە سـێ چرکەدا بەرامبەرەکـەت کە نیـازی ئازاردانتی هەیە، بێهۆش بکەی. پێشووتریش کۆمپانیای ناوبراو ئامێرێکی لەم چەشنەی بۆ ئایفۆن 4 چێکردبوو، هەروەها دەکرێت ئەم کەڤەرە بۆ گەلەکسـی 4 و 5ی سامسـۆنگیش بەکار بێـت. کەڤەرەکە چەندین رەنگی هەیە، ئەم بەشـەی کە ئەرکی شۆك لێدانی هەیە، جیا دەبێتەوە و دیارە هەروەك ئاماژەی پێدرا پێشووتریش کەڤەرێك لە شێوەی پەنجە بۆکس چێکرابوو.



# کیبۆردێکی مایکرۆسۆفت بـ

مایکرۆسـۆفت کە داهێنەری سیستەمی ویندۆزی کۆمپیوتەرە و گەورەترین کۆمپانیای جیهانی کۆمپیوتەر و ئای-تییـە، ماوەیەکـە چالاکییەکانـی لـە بواری هاردوێریـش وەك بەرهەمهێنانی مۆبایل و کۆمپیوتەر و ئامێرە لاوەکییەکانـی کۆمپیوتەر چڕکردۆتەوە، نوێترین بەرهەمیشی لەم بوارەدا بەرهەمهێنانی کیبۆردی جۆری universal mobile keyboardـە، کە دەتوانرێت بۆ ئایفۆن، ئایپـاد، هاندەکانی مۆبایـل و تەبلێتەکانی ئەندرۆید و ویندۆز و تەنانـەت لاپتۆپیش بگونجێـت. گرنگیی



# هێدفۆنێک بـ


هێدفۆن گەرچی گرنگییەکی ئەوتۆی نییە لە جیهانی ئامێرە دیجیتالییەکاندا و زیاتر بۆ تاکەکەس بەکاردێت، بەڵام کۆمپانیایـەك هەوڵی داوە ئامێرێکی هێدفۆن بۆ دوو کەس چێ بکات، هیدفۆنی جـۆری Headphone SplitterT42 کە

# کەڤەرێکی تایبەت بۆ گالاکسی و ئایفۆن



مۆبایلە هۆشمەندەکان لە ژیانی رۆژانەدا گرنگن، چونکە شوێنی کۆمپیوتەریشیان گرتۆتەوە، بەڵام گرفتی سەرەکیان دابەزینی شەحنی باترییە، بەتایبەتی کە لە گەشتێکدا بی و باتری مۆبایلەکە شەحنی دابەزی بێت.

لـــەم دواییەدا لەلایەن کۆمپانیای kickstarteR کەڤەرێکی تایبەت واتـــە بەرگێکی تایبەت بـــۆ مۆبایلەکانی جۆری گالاکسی و ئایفۆن چێکراوە کە هەم بەرگێکە بۆ پاراستنی مۆبایـــل، هەمیش لە رێگای سیســـتەمی بلوتوس یا وای-فای دەبێتە شاشـــەیەکی دووەم بـــۆ مۆبایلەکەت و زانیاری و پرۆگرامەکانی ناو مۆبایلەکەت لەســـەر شاشەی کەڤەرەکە دەبینی.



## ـــــــــــۆ مۆبایل و کۆمپیوتەر

کیبۆردەکـــە لەوەدایـــە دەکرێت لە یەك کاتدا بە ســـێ ئامێر کە هەرکامیشـــیان ســـەر بە سیستەمێك بن وەك، ئەندرۆیـــد و ویندۆز و ios، پەیوەند بدرێت، بە داگرتنی دوگمەیەك لەســـەر کیبۆردەکە دەتوانـــی پەیوەندییەکان لەنێوان ئامێرەکاندا بگوازییـــەوە. باتری ناو کیبۆردەکە شـــەحن دەکرێتـــەوە و بە هـــەر شـــەحنکردنەوەیەکیش هەتا شـــەش مانگ شەحنی پێویســـت نابێت. کاوەری کیبۆردەکە ستاندێکی جیای لەگەڵدایە تا بتوانن مۆبایل و تەبلێتەکانتان لەسەر دابنێن.



## ـــــــــــۆ دوو کەس

وەك پیتـــی T ئینگلیزی دەچێت ئـــەو هێدفۆنەیە کە دوو ســـەری پێوەیە، هەر ســـەرەی دەتوانێ کەسێك سوودی لێ ببینێـــت. رەنگە ئەمە وەك هێدفۆنی ئەویندار و عاشـــقان بناسرێت.



# سامسۆنگ مۆنتیۆری چەماوە بەرهەم دێنێ

مۆنیتۆر واتە شاشـــە لە کۆمپیوتەردا رۆڵە گرنگەکە ئەو دەیبینێت، لە راســـتیدا بەبێ مۆنیتۆر کۆمپیوتەر ناتوانێ هیچ کارایيەکی هەبێت. هەتا کوالیتی نیشـــاندان لە مۆنیتۆردا لەسەرتر بێت، بەکارهێنەر چێژ و سوود لە کۆمپیوتەر وەردەگرێت. کۆمپانیای سامسۆنگ بەم دواییە شاشەیەکی 27 ئینجی چەماوەی خســـتە بازاڕەوە کە توانای نیشاندانی Full HD هەیە. بۆ کاری گرافیکی و ســـتۆدیۆی فیلم هەڵگرتنەوە سوودی زۆری هەیە.

شێوەی چەماوەیی شاشەکە بۆتە هۆی ئەوەی کە قۆناغێکی دیکە لە مۆنیتۆردا و لە جیهانی تەکنەلۆژیای ســـەردەمدا بێتە گۆڕێ، کۆمپانیای ئاماژە بۆ کراو دەڵێت چەماوەیی شاشـــەکە لەگـــەڵ ئەو چەماوەییە لە نێـــوان دوو چاوی مرۆڤدا هەیە هاوئاستن.

شاشـــەکە دوو ســـپیکەری تایبەتی لـــە خۆیدایە و دەنگـــی ســـپیکەرەکانیش لـــە ئاســـتی بەرزدایـــە و بۆ تۆمارگەکان دەگونجێت. شاشـــە چەماوەکـــە لە بـــواری تەندروستییەوەش باشە، چونکە بە سەیرکردنی چاوەکان تووشی ژان و ئازار نابن.

# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێك دەپرســـێت، DROPBOX چییە و چۆن سوودی لێوەردەگیردرێت؟**


خوێنەری ئازیز لە ماوەی ئەم چەند ســـاڵەی دواییدا هاردی مەجازی یان هەڵگرتن و ئەرشیف کردنی داتاکانی شەخسی لە هاردێکدا کە لە ئینتەرنێتـــدا هەبێت گرنگییەکی زۆری پێدرا، چونکە مەترســـی ئەوەی لێناکرێ کـــە زانیارییەکان لەنا بچن یان بسرێنەوە. ئەگەر زانیارییەکانی شەخسی لەسەر کۆمپیوتەر یان لەســـەر هارد یان لەســـەر فلاش یان DVD هەڵبگیردرێن، ئیمکانی تێکچوون و لەناوچوویان هەیە، بەڵام لە هـــاردی مەجازیدا بەم شـــێوەیە نییە. Dropboxیش هاردێکـــی مەجازییە، تۆ دەتوانی بچی بۆ ســـەر ســـایتی www.drobpbox.com لەودا ئەکاونێتك بۆخۆت بکەوە و پرۆگرامێك دادەبەزێتە سەر کۆمپیوتەرەکەت و فۆلدەرێك زیاد دەبێتە ســـەر کۆمپیوتەرەکەت، لەو فۆلدەرەدا هەر بابەتێك خەزن بکەی لە ئینتەرنێتدا هەڵدەگیردرێت و لە شوێنی دیکە بە پاسۆرد و یوزەری خۆت دەتوانی بیکەیەوە.




# کامێرافۆنێکی بەهێز لە پاناسۆنیکەوە

کامێرافۆن کە لە دوو وشەی (کامێرا) و (فۆن) پێکهاتووە، بەو ئامێرە دیجیتالییە دەگوترێت کـە لەگەڵ ئەوەیدا کامێرایەکی دیجیتالی بەهێزە، ئەرك و کاری مۆبایلیش رادەپەڕێنێ، واتە هەم کامێرایە و هەم مۆبایل، کامێرافۆن پێشـووتر لەلایەن کۆمپانیای سامسـۆنگەوە بەرهەم هات، ئێسـتاش کۆمپانیای پاناسـۆنیك کە کۆمپانیایەکە مێژوویەکی زیاتر لە نیو سەدەی هەیە، نوێترین کامێرافۆنی بەناوی Lumix CM1بەرهەم هێناوە. کامێراکە وێنەکان بە کوالیتی 20 میگاپیکیسـل دەگرێت، لێنزێکی 28 ملمی لەگەڵدایە لەوکاتەی پێویسـتت پێی نییە دەچێتەوە ناو خۆی و دەکرێت بە ئاسـانی لە گیرفاندا جێی بێتەوە. تەنانەت دەتوانێت فیلم بە کوالیتی K4 بگرێت.

# پرۆگرامێک بۆ دیزاینی ئەنیمەیشن و سلایدی سێ دۆری



پرۆگرامگەلێك هەن بـۆ چێکردنی دیمەن و وێنەی ئەنیمەشن واتە جووڵەدار، بەڵام پرۆگرامی Aurora 3D presentation جیـاوازی لەگەڵ پرۆگرامەکانی دیکە هەیە، چونکە بە هۆیەوە دەتوانرێت بەئاسـانی جوانترین و سەرنجڕاکێشترین سلایدی سـێ دۆری بەرهەم بهێنرێت. پرۆگرامەکە زۆر لە پاوەرپۆینت دەچێت، دەکرێت لە پرۆژە ئەنیمەیشنەکەتدا دەق، وێنە مۆزیك و ڤیدیۆیش دابندرێت. بەکارهێنانی پرۆگرامەکە زۆر ئاسـانە. دەتوانێت وێنەکان بکەی بە فیلم و لەسەر DVD نیشانیان بدەی.

# بەهۆی ئەم سایتەوە تایبەتمەندی مۆبایلەکەت بزانە



ڕەنگە نەزانی مۆبایلەکەت ئەسـڵییە، یان چینییە، تایبەتمەندییەکانـی چییە و لە کوێ و سـاڵی چەند چێکراوە؟ بەڵام ئەگەر سەر لە سایتی www.imei.info بـدەی کۆدی IMEI مۆبایلەکەتـی داخیل بکەی، بە ئاسانی دەتوانی زانیاری ورد سەبارەت بە مۆبایلەکەت بزانـی. بۆ زانینـی کـۆدی IMEI مۆبایلەکەت ئەم کۆدە(*#06#) بەهۆی دوگمەکانی مۆبایلەکەتەوە بنووسە، ئەوکات کۆدی IMEI مۆبایلەکەت دەردەدەکەوێ. پاشان ئەم کۆدە لەناو ئەم بۆکسـەدا بنووسە کە لە سایتەکەدا هەیە و دوگمـەی Check لێبدە، ئـەوکات بەتەواوی زانیارییەکانی تایبەت بە مۆبایلەکەت نیشان دەدرێن و تەنانەت وێنەی مۆبایلەکەشت نیشان دەدرێت.